# خۆپشاندانی بەردەم سەفارەتی ئەمریکا لە لەندەن دژ بە تەقەکردن لە رێپیوانە جەماوەریەکانی خەڵکی کرکوك و ناسریە

رۆژی 13–1–2006 حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق\رێكخراوی بریتانیا  كاتژمێری 12 نیوەرۆ خۆپشاندانێكی نارەزایەتی بردە بەردەم سەفارەتی ئەمریكا لە لەندەن دژ بە تەقەكردن لە خۆپشاندانە جەماوەریەكانی شاری كركوك ناسریە لەلایەن هیزەكانی ئەمریكاو پۆلیسی عیراقی یەوە بەدوای بریاری گران بوونی نرخی بەنزینو سووتەمەنی یەكانو برینی موادی خۆراكی مانگانەی خەڵك .




لەم خۆپشاندانەدا شیعاری (بۆ دەرەوە هیزەكانی ئەمریكا لەعیراق،تەقەكردن لەخۆپشاندانەكانی شاری كركوك و ناسریە محكومە و ئەنجام دەرانی دەبێ داگای بكرین ..نا بە ئەمریكا نا بە ئیسلامی سیاسی ..) لەگەل چەندین درۆشمی بەرگری لەخواستەكانی خەڵكی عیراق ومحكوم كردنی سیاسەتی سەركوتگەرانەی ئەمریكاو هیزەكانی پۆلیسی عیراقی لەلایەن خۆپشاندەرانەوە دەووترایەوە .

هاوكات وەفدیكی كۆمیتەی بریتانیای حزب كە پێك هاتبوو لە(دەشتی جەمال،ریزان نادر) نامەیەكی نارەزایەتیان تەسلیم بە سەفارەتی ئەمریكا كرد ، لە نامەكەدا داوای لێكولینەوە دەكات سەبارەت  بەو كارەساتانەی دژ  بە خۆپشاندانی هیمنانە ئەنجام دراوە     بە( كوشتن و بریندارکردن و زەرەروو زیان گەیاندن بەماڵی خەڵك وەلام دراوەتەوە)  ،هەروەها داوای ئاشكراكردنی ناسنامەی ئەوانەی تەقەیان لە خۆپشاندەران كردوە و دادگای كردنیان .، وە قەرەبووی زەرەو زیانەكانی بریندارەكان وئەوانەی زیانیان لێكەوتووە .

ئەم خۆپشاندانە هەنگاوێك بوو دژ بە    سیاسەتی سەركوتگەرانەی هیزەكانی ئەمریكاو بەشكست كیشانی سیاسەتی گران كردنی نرخی نەوت وخۆراك.، و  وەستان لە پاڵ خەبات و نارەزایەتی یەكانی خەڵكی عیراق بۆ كۆتایی هینان بەداگیركاری ئەمریكاو تیرۆریزم و دەستەوتاقمی قەومی و ئیسلامی ، و گیرانەوەی مەدەنیەت بۆكۆمەڵگای عیراق..

## حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق\رێكخراوی بریتانیا

2006–1–14

www.wpiraq.net TEL:07734704742 d.jamal@ntlworld.com